# ٤٥ ـ ویلی ویلی

ئەم یاری‌یە لە بەینی دوو منداڵ ئەکرێ لە تەمەنی (٧ ــ ١٢) ساڵ‌دا. بەردیکی خڕ ئەکەن بە گۆ، هەرجارەی یەکێکیان دەس بە یاری ئەکەن‌و بە بەردیکی پان لە بەردە خڕەکە ئەدا بۆ جێگایێکی دیار کراوە لەویشەوە بەم جۆرە ئەی‌گێڕیتەوە بۆ جیگاکەی پیشووی، هەمیشە ئەیبانەوەو ئەی‌گێڕیتەوە چەندجارێ تاکوو جاریك کە بەردەپانەکە بۆ گۆیەکە ئەهاوێ‌و پێ‌ی‌ناکەوێ ئەمجا لە یاری ئەکەوێ‌و منداڵەکەی‌تر دەس بە یاری ئەکا هەر وەکوو ئەوەی پیشوو .

یاری‌کەرەکە هەرجارەی کە بەردەکە بۆ گوبەکە ئەهاوێ دیریك لەم هەلبەستە ئەلی :

ویل ویلی
دوو سمیلی
سمیل قیتە
بە جلیتە
حلایت بازە
لە هەورازە
هەوراز قازە
قاز بەرازە

هەر ئەرواو ئەم هەلبەستە دووبارە ئەکاتەوە تا جارێ بەردەکە ئەهاوێو لە گویەکەی نادا وە لە یاری ئەکەوێو منداڵەکەی‌تر دەس بە یاری ئەکا ، هەریەکێکیان کە سووتاو لە یاری کەوت ، چەندجار گویەکەی گەیاندیتە جیگا دیارکراوەکەو گیرایەوە منداڵەکەی‌تر هەلی ئەگریت بەکوڵ بۆ جیگا دیار کراوەکەو ئەی‌گیریتەوە . ئەمجا لە سەریەوە دەس بە یاری‌یەکە ئەکەنەوە . منداڵەکەی‌تریش هەر بەم چەشنە .